# شەو تا بەیانی

+ شەو تا بەیانی ئەو هەتیوە نەگبەتەی من خەریکی چاتچاتێنەو تا ئێستا هیچیشی نەکردووە بە هیچ.

-دایە دولبەر لە گلەییەکی نەکراوا-

+ براتان شەو تا بەیانیو لە بەیانییشەوە تا ئێوارە ئەیهێنمو ئەیبەمو ئەیبەمو ئەیهێنم هەر تێ ناگەم نازانم ئەو قورمساغە چۆن ئەتوانێ ئەو مەسئولانە ئاوا لە خشتە بەرێت. بەسەری ئێوە تێناگەم.

-حەمید حەسود-

+ خوا بەو سەرەوە ئاگادارە ئەمشەو تا بەیانی لە تاو ئازاری عەمەلیاتەکەم هەر قروسکانومە کەچی سستەرێك نەهات بەلامەوە.

-قەدری قاوشی ژنان-

+ شەو هەتا خوا رۆژ ئەکاتەوە مەعاشەکەی خۆمو ئەوەی منداڵەکانیش ضە ربو تەقسیم ئەکەم هەر ناگاتە حەوتی مانگ.

-ئەکرەمی ئامار-

+ شەو تا بەیانی بەدیار جۆکەرێکی ناوکێشەوە دانیشتم هەر نەهاتو نەهات. کەچی قەلەمونەکەی بەرامبەرم کوللی جارێك دەستەکەی جۆکەرێکی تایفی تیابوو.

-جەبار جەربو-

+ سوێندتان لەسەرم نیە هەموو شەوێك تا بەیانی بە داڵغەی ئەوەوە خەوم ئەزڕێ کە بەیانی چووم بۆ سەر دوکان سەیارە میراتییەکەم بخەمە کوێوە؟! دارو بەرد بووە بە ترومبیل.

-نەجمەدینی ناوبازاڕ-

+ مەشروبی ئێرە هەمووی تەزویرە. پێکێ قوزەڵقورت بکەی ئەبێ شەو تا بەیانی لەتاو ژانە سەر هەر باوکەڕۆت بێ.

-سەلیم سویدی-




# فەرق لە مەعبێن

## بەسزمان

1. زوربەی زۆری خەڵکەکە بەسزمانن
2. لە رۆژی ئەزەلەوە بەسزمان هەبووە
3. حزب پشتی تێ کردووە
4. لەگەڵ دەسەلاتا دانوویان پێکەوە ناخورێ
5. ئیعتیمادی گەورەی لەسەر بایەعییەکەیە
6. موعەدەل بە رێی خەستەخانەوەیە
7. ئینتیخاباتەو ئینتیخابات ئەمیان بیر ئەکەوێتەوە
8. موعارەزە بە ئاسانی لە خشتەی ئەبات
9. بەیانیان را ئەکات بۆ ئەوەی پاصەکە جێی نەهێڵێ
10. یان هەوێی ئەنفالو بنەماڵەی شەهیدانیان پێیە یان هی پێشمەرگەی دێرین
11. مەسئولی هەر لە تەلەفزیۆنا دیوە
12. سووتەمەنی شۆڕشە

## بزنسمان

1. کەمایەتییەکی خواپێداو بزنسمانن
2. ئەمە چەند ساڵێکە ناوی کەوتۆتە ناو ناوانەوە
3. حزب پشتی گرتووە
4. لەگەڵ دەسەلاتا دوو قەلبو رۆحێکن
5. ئیعتیمادی گەورەی لەسەر شەیتان بازاڕە
6. موعەدەل بە رێی ئەستەموڵو دوبەیەوەیە
7. قوربان گیان هەمیشە سەروەریت
8. هەزار موعارەزەت بۆ ئەباتە سەر ئاوو ئاویشی نادات
9. بەیانیان را ئەکات بۆ ئەوەی نەختێ رەشیق بێت
10. ئەوەی ها لە تەنکەی باخەڵییا هەوێی غورفەی تیجارەیە
11. ئەمشەویش دەعوەتی کاك هینە
12. شۆڕش سووتەمەنی ئەمە